خوێندنی باڵای هەرێم بڕیاریدا بە پێدانی مۆڵەتی ١٥ ڕۆژ بۆ خوێندکارانی لە دەرەوەی وڵات دەخوێنن

لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، وەزارەتی خوێندنی باڵا بڕیاریدا بە پێدانی مۆڵەتی ١٥ ڕۆژ بۆ خوێندکارانی لە دەرەوەی وڵات دەخوێنن.

ئەمڕۆ پێنجشەممە ٣٠ـی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٥، بەپێی ڕاگەیەندراوێکی وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێم کەدەستی موتەبع کۆتووە تیایدا هاتووە، بەمەبەستی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، بڕیار درا بە پێدانی مۆڵەتی ١٥ ڕۆژ بۆ خوێندکارانی لە دەرەوەی وڵات دەخوێنن.

بەپێی ڕاگەیەنراوەکە، خوێندکاران دەتوانن لە ڕێکەوتی ١ـی تشرینی دووەمی ٢٠٢٥، تا ١٥ـی تشرینی دووەم بگەڕێنەوە هەرێمی کوردستان.

ئەم بڕیارە بە مەبەستی ڕەخساندنی دەرفەتە بە خوێندکاران تا بەشداری لە هەڵبژاردنی گشتیی پەرلەمانی عێراق بکەن، کە بڕیارە لە ١١ـی ١١ـی ئەمساڵ بەڕێوەبچێت.

هەر لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە کە ئەو ماوەیە وەک بەشێک لە ماوەی مانەوەی خوێندکار لە دەرەوەی وڵات بە هەژمار دەکرێت.